









# لەژێر دروشمی بەرەو ئاشتی

## ماراسۆنێک لەشاری هەولێر بۆ کوڕان و کچان ئەنجام درا

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

پێرێ 11/3 لەبەردەم پارکی سامی عەبدولڕەحمان لەشاری هەولێر و لەژێر دروشمی ( بەرەو ئاشتی) بەبەشداری زیاتر لە 1000 وەرزشوان و ئارەزوومەندانی شاری هەولێر ودەوروبەری هەرێمی کوردستان و چەندین کەسایەتی بیانی راکردنێکی بەکۆمەڵ بۆکوڕان وکچان کە بریتی بوو لە 2کم 5 کم 21کم بەسەرپەرشتی رێکخراوی ماراسۆنی ئاشتی کوردستان سەرکەوتووانە ئەنجام درا.

رێکخراوی ماراسۆنی ئاشتی کوردستان ، رێکخراوێکی تازەیە و لەکۆمەڵێک ئەندامی خاوەن ئەزموون وشارەزا لە یاری گۆڕەپان ومەیدان پێکهاتوون و لە یەکەم کار و چالاکییەکانی خۆیاندا ماراسۆنیکی سەرکەوتوویان لەژێردروشمی (بەرەو ئاشتی) بۆ یاریزانان و ئارەزوومەندانی ئەو وەرزشە رێکخست.

ئەنجامی راکردنەکە لەسەر ئاستی کوڕان بۆ 21کم بەمشێویە بوو:
عەلی ئەحمەد پلەی یەکەم، نەشوان محەمەد پلەی دووەم، فەتاح تەیمور پلەی سێیەم، رێڤین مەحمود پلەی چوارەم، بەختیار نەجمەدین پلەی پێنجەم.

لەسەر ئاستی کوڕان 5کم :
بنار محەمەد پلەی یەکەم، رەوەند ئەحمەد پلەی دووەم، ئیسماعیل سەلیم پلەی سێیەم.

لەسەر ئاستی کچان 5کم:
ئامال خدر پلەی یەکەم، سۆما نەجمەدین پلەی دووەم، زارا دارا پلەی سێیەم، دالیا ئەتیلە پلەی چوارەم، مەیساحەجاج پلەی پێنجەم.

لەسەر ئاستی کچان 2کم :
شیرین یاسین پلەی یەکەم، میڤان رەشید پلەی دووەم، شەرمین فازل پلەی سێیەم، لاڤین رەقیب پلەی چوارم، لاڤە رەفیق پلەی پێنجەم.

لەسەر ئاستی کوڕان 2کم :
زانیار گوانی پلەی یەکەم، لوئەی سالّح پلەی دووەم، رێکەوت قادرپلەی سێیەم، سەفەر موئەید پلەی چوارەم.

لەبارەی رێکخستن وئەنجامدانی ماراسۆنەکە کاروخ سالّح ئەندامی لیژنەی بالا لە رێکخراوی ماراسۆنی ئاشتی کوردستان تایبەت بەخەبات ڕایگەیاند:

لەیەکەمین چالاکیی وەرزشیی رێکخراوەکەمان خۆشبەختانە توانیمان ماراسۆنێکی سەرکەوتوو بەهاوکاری وسپۆنسەری هەر یەک لەکۆمپانیاکانی تیشک نێت و کۆرەک تیلیکۆم ، بێگومان رێژەیەکی زۆری وەرزشوانان وئارەزوومەندانی کوردستان ودەرەوەی هەرێمی کوردستان بەشداریان لەماراسۆنەکە کردبوو کەجێی خۆشحالی هەمووولایەک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەلاتێکی باش و گونجاومان بۆ پلەکانی یەکەم ودووەم وسێیەمی سەرکەوتوویی ماراسۆنەکە ئامادەکردبوو ، هەروەها خەلات ودیاریشمان بەسەر پلەکانی چوارەم تا دەیەم دابەشکرد.

# خانمە شەترەنجزانی ئۆکرانی لە دیدارێکی خەباتدا

## ئۆلینا ڤۆرنیتسکا: ئەگەر دەتەوێ کەسێکی بلیمەتت لێدەرچێت ئامۆژگاریت دەکەم چێژ لە شەترەنج وەرگرە



**دیمانە: هاوار مورتکەیی**

ئۆلینا ڤۆرنیتسکا Olena Dvornitska کچە شەترەنجزانی ولاتی ئۆکرانیایە، ئەو هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە 20 ساڵ، بەلاّم توانیوییەتی لەسەر ئاستی ولاّتەکەی (خوار 20) ساڵ پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و ببێتە پاڵەوانی کچانی ئۆکرانیا لە کییێڤ، ئەو لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی خەبات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کە شەترەنج لە ژیانیدا وانەی زۆر گرنگی فێر کردووە، بۆیە بەلای ئەوەوە گرنگ نییە ئەگەر شەترەنج نەبوو بێتە بژێوی ژیانیشی، یان وەک سەرچاوەیەکی داهاتیش سەیری نەکردبێ، ئۆلینا بەمشێوەیە وەلاّمی پرسیارەکانی داینەوە:





* بۆچی شەترەنجت لەنێو وەرزشەکانی تر هەلّبژارد؟
– لەبەر ئەوەی یارییەکی مێشکییە و زۆر جێی بایەخ بووە بۆ من، وەک لەوەی لە لایەنی مادییەوە سەیر دەکرێت.

* واتە نهێنییەک هەیە لە هەلّبژاردنی ئەو یارییە؟
– نەخێر هیچ نهێنییەک نییە، کاریگەری خانەوادەکەشم زاڵ بووە بەسەر ئەمە، بەتایبەتیش لەوەی کە باوکم هەلّگری بڕوانامەی گراند ماستەری FIDE.

* لە چ سالّێکدا بەفەرمی بەشداری پالّەوانێتییەکانت کرد؟
– کاتێک تەمەنم 8 سالاّن بوو بەشداری پالّەوانێتی کییێڤم کرد بۆ خوار 10 سالّ بۆ ئافرەتان، هەروەها لە ئاستی نێودەولّەتیش بەشداری پالّەوانێتی ئەورووپای خوار 12 سالاّنم کرد لە باتۆمی لە جۆرجیا.

* باشترین دەسکەوتت تا ئێستا چی بووە؟
– لە پالّەوانێتی ئۆکرانیا بەشداریم کرد لە ئاستی ئافرەتانی خوار 20 سالّ، کە توانیم پلەی یەکەم لەسەر هەمووان بەدەست بهێنم، هەروەها لەسەر نێودەولّەتی ئۆکرانی لیتوانی توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم، بۆ منیش ئەمانە مایەی شانازین.

* ئایا خەونەکەت هاتۆتە دی؟
– خەونەکەم هێشتا نەهاتۆتەدی، هەولّ دەدەم بەدەستی بێنم، چونکە هێشتا بەردەوامم، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە بەدرێژایی کات هەمیشە کاری تازە بخەینە نێو بەرنامەی ژیانمانەوە.

* شەترەنج چی پێ بەخشی؟
– شەترەنج زۆر رووداوی جۆراوجۆری پێ بەخشیوم، ناسنی خەلّکی زیاتر، گەشت کردن، ئەمە جگە لەوەی شەترەنج وانەی گرنگت لە ژیاندا فێر دەکات.

* وشەیەک لەبارەی شەترەنجەوە بیلّێیت؟
– ئەگەر داتەوێ ببیە کەسێکی زیرەک و بیرمەند، ئامۆژگاریت دەکەم تام و چێژ لە شەترەنج وەربگرە.

* وشەی سوپاس ئاراستەی کێ دەکەی؟
– دەمەوێ وشەی سوپاس ئاراستەی تۆ بکەم کە ئەو پرسیارانەت ئاراستەی من کرد و منیش بە سەرنجەوە وەلاّمم دایتەوە.